وادەی پێشکێش کردنی داواکاری دامەزراندنی کارمەندانی سەر سندوقی هەڵبژاردنەکانی بە ٢٠ـی ئەم مانگە درێژ کرایەوە

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەهۆی پێویست بوونی زیاتر بە کارمەندی چاودێری سەر سندوقی هەڵبژاردنەکان، وادەی پێشکێش کردنی داواکاری دامەزراندنی درێژکردەوە.

ئەمڕۆ سێشەممە ٨ـی تەمموزی ٢٠٢٥، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ئاگاداریەکدا، وادەی پێشکێش کردنی داواکاری دامەزراندنی کارمەندانی سەر سندوقی هەڵبژاردنەکانی بە ٢٠ـی ئەم مانگە درێژ کردەوە.

جێختیشی کردووەتەوە، هەر فەرمانبەر یان دەرچوویەکی زانکۆ و پێیمانگاکان دەیەوێت دابمەزرێت بە چاودێری سەر سندوقی هەڵبژاردنەکان، پێلە بکات لە پێشکێش کردنی فۆرمی چاودێری سەر سندوق بە نزینکترین ناوەندی تەمارکردن.

بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن هەر فەرمانبەرێك بێی ١٥٠ هەزار دینار و دەرچووانی دانەمەزراویش بێی ٢٥٠ هەزار دیناریان بە خەرج دەکرێت.